

کەریم مستەفا دەربارەی ئەوەی کە ئەو پلانە فێرکارییە تا چەند هۆکارە بۆ پێشکەوتنی ئاستی خوێندنو پێگەیاندنی خوێندکاری داهێنەر، ئاماژەی بەوەدا شائامانجی پلانی فێرکاریی پێگەیاندنی مرۆڤی (مرۆڤدۆست، سروشت دۆستو ژینگەپارێز، داهێنەر، کارامە، فرەزان، بەپەرۆش، ژیاندۆست، هاوکار، دڵسۆزو بافەرهەنگ) دەبێت



www.hetaw.net
ژمارە (٨٢٨) چوارشەممە ٢٨ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٩ی زایینی
ئالای ئازادی هەموو چوارشەممەیەک

# "دەستپێشخەرییەکەی ڕێکخراوی کۆمەک بۆ بەشداربوونە لەپرۆسەی ژیانەوەی کوردستاندا"

## "ئەگەر هاوکاری بکرێین پلانی فێرکاریی هاوچەرخ لەماوەی دووساڵدا لەگشت کوردستان پیادە دەکەین"

ئا: شەمێران سلێمان

بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەران سەبارەت بەو سیستەمە فێرکارییەی کە چەند ساڵێکە ڕێکخراوی کۆمەک بەهاوکاری وەزارەتی وەرزشو لاوان ئەزموونی دەکات لە چەندین خوێندنگای جیاوازی کوردستان، "ئالای ئازادی" ئەم ریپۆرتاژەی ئامادەکرد.

سەبارەت بەوەی بۆ ئەو پلانە فێرکارییە نوێیەی کە لەکوردستان پەیڕەو دەکرێ سوود لەپلانی فێرکاری کوێ وەرگیراوە کەریم مستەفا بە "ئالای ئازادی" ڕاگەیاند: بۆ داڕشتنی ئەم پلانە، یان کتێبی (پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی) سوودمان لەپلانی فێرکاری نەرویجو سکەندەناڤیاوەرگرتووەو ئاوێتەی شەش ساڵ ئەزموونی کۆمەک لەبواری فێرکاریدا کراوە.

سەبارەت بەسەرەتای کارکردنیان بەو پلانە ناوبراو باسی لەوەکرد یەکەم ئەزموونی کۆمەک لەبواری پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ لەساڵی (٢٠٠٣)دا لەشاری سلێمانی لەقوتابخانەی ڕۆژگار لەکەندەکەوە ئەنجامدا، یان ئەزموونەکە بریتی بوو لەدوو پۆلی یەکی سەرەتایی، ساڵی دواتر هەمان ئەزموونمان لەگوندی دەلالان نزیک ڕانیە جێبەجێکرد، هەردوو پرۆژەکە زۆر سەرکەوتوو بوون، خاتو شەونم عەبدولقادر (وەزیری پەروەردەی ئیدارەی سلێمانی، ئەوکاتە) لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆژەکەی کەندەکەوە بوو. دواتر خودی وەزیری پەروەردەی حکومەتی یەکگرتوو دڵشاد عەبدولڕەحمان سەردانی پۆلەکەی کەندەکەوەی کرد.

سەبارەت بە ناوەرۆکی پلانی فێرکاری کەریم مستەفا ئاماژەی بەوەدا ناوەرۆکی کتێبی پلانی فێرکاریی هاوچەرخ فۆرمەلەکردنی بەها مرۆییو دیموکراتییەکانە لەبەرنامەی فێرکردندا، هەروەها دیاریکردنی ئامانجی فێرکاریشە، بەواتایەکی ڕوونتر کتێبەکە وەک دەستوورێک وایە بۆسیستمی فێرکاریو دەوڵەت (حکومەتو وەزارەتی پەرەوردە) بەپێی ئەو پلانە دەزانێت داوای چی لەفێرگە (قوتابخانە) دەکات تاکو لەقۆناغی بنەڕەتییدا فێری منداڵی بکات.

کەریم مستەفا دەربارەی ئەوەی ئەو پلانە فێرکارییە تا چەند هۆکارە بۆ پێشکەوتنی ئاستی خوێندنو پێگەیاندنی خوێندکاری داهێنەر ئاماژەی بەوەدا شائامانجی پلانی فێرکاری پێگەیاندنی مرۆڤی (مرۆڤدۆست، سروشت دۆستو ژینگەپارێز، داهێنەر، کارامە، فرەزان، بەپەرۆش، ژیاندۆست، هاوکار، دڵسۆزو بافەرهەنگ) دەبێت، لەو کتێبەدا گشت ئەو ئامانجانەو چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجانەمان ڕوونکردووەتەوە، بێگومان ئەگەر ئەو کتێبە ببێتە دەستووری فێرکاری لە کوردستاندا، ئەوا ئاسۆی شائامانج دیارە.

سەبارەت بەهەوڵەکانی ڕێکخراوی کۆمەک بۆ هاوچەرخکردنی بواری فێرکاری باسی لەوەکرد کۆمەک ماوەی شەش ساڵە بەچڕی کار بۆ بەهاوچەرخکردنی سیستمی فێرکاری کوردستان دەکات، لەم بوارەدا چەندەها کتێبو گووتارو لێکۆڵینەوەی نووسیوەو وەرگێڕاوەو وێب سایتی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە کردووەتەوە (www.p4ckurd.net)، (www.komak.nu)هەروەها دوو گرووپ مامۆستا لەساڵانی (٢٠٠٤و ٢٠٠٥) داو گرووپێک لەکاربەدەستانی پەروەردە لەساڵی (٢٠٠٩)دا بانگهێشتی نەرویجو سوید کردووە، تا بەشێوازی سیستمی فێرکاری نەرویجی- سویدی ئاشنابن، چالاکانە لەکۆنگرەی پەروەردەیی ساڵی (٢٠٠٧) لەهەولێر بەشداربووەو چەندەها مامۆستاو تایبەتکاری بواری فێرکاری میوانداری کوردستان کردووە.




هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کۆرسو خولی ڕاهێزانمان بۆنزیکەی (٢٠٠٠) مامۆستای کوردستان کردووەتەوەو ئێستاش لەنزیکەی سەد فێرگەدا شێوازی فێرکاری کۆمەک، واتە فێرکاری هاوچەرخ پیادە دەکرێت، گشت ئەم کارانە خۆبەخشانەو بێبەرامبەر کراوەو کتێبی پلانی فێرکاری هاوچەرخیش کۆکردنەوەی کۆی ئەو ئەزموونانەیەو دەستپێشخەرییەکی دیکەی کۆمەکە وەک ئەرکێکی خۆی بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی ژیانەوەی کوردستاندا پێشکەشی کردووە، دەشبێت ئەوە بڵێین کە کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە بەتایبەتی وەزیری پەروەردە کاک دڵشاد هەمیشە ڕێکخراوی کۆمەکی وەکو هاوکارو هاوئامانج پێناسەکردووە.

سەبارەت بەوەش کە ئەو سیستەمە نوێیەی فێرکاری ئامانجێکی درێژخایەنی هەیەو چەندی دەوێت تا لەتەواوی کوردستان پەیڕەو بکرێت ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ئەگەر هاوکاری تەواو بکرێین بۆ ئەوەی خولی ڕاهێنان بۆ گشت مامۆستایانی کوردستان بکەینەوەو ئامانجی پلانەکەو شێوازی کارکردنیان لەو سیستمەدا فێربکەین، دەکرێت لەماوەی دوو ساڵدا لەگشت ناوچەکانی هەرێمدا پیادەبکرێت.

دەربارەی ئەوەی پلانێکی فێرکاری لەوڵاتانی ئەسکەندەنافی وەرگیرابێت بۆ کوردستان چەند گونجاوە، دەتوانرێت بەسەرکەوتووی لەکوردستانیش پیادەبکرێت کەریم مستەفا باسی ئەوەی کرد ئەگەر بڕیاربێت کوردستان ببێتە ئەو دورگە دیموکراتییەی کە بە دەریایەک لەدیکتاتۆرییەت دەوردراوە وەک گشت پارتەکانو سەرکردەکان بانگەشەی بۆدەکەن، ئەوا بەبێ هەبوونی پلانێکی فێرکاری هاوچەرخی مرۆڤدۆست، ژنپارێز، دیموکراتخواز، ژینگەدۆست، زانستخوازو بەرهەمهێن، تەنها هەقایەتێکی ڕۆمانسیانەیە.

لەو بوارانەی ئاماژەمان پێدا سکەندەناڤیا بەتایبەتی نەرویج لەلوتکەدایە، دیموکراتی، ژنپارێزی، ژینگەدۆستی، ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچونو دین، بەرهەمهێنان، زانست پەروەری، بەرزی ئاستی ژیانو ئابووری، هاوکاریو پەرۆشی، گشتیان لەئاستێکی بێ هاوتان لەجیهاندا، گونجاندنی ئەم بەهایانە لە پرۆسەی فێرکاری کوردستاندا، بەدڵنیاییەوە خزمەت بەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کوردستان دەکاتو پێی نامۆ نابێت، بۆیە بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەدین، فرەزمانو فرەبیروباوەڕی وەکو کوردستان هەر دەبێت پلانێکی فێرکاری هاوچەرخ، مرۆڤدۆست، دیموکراتخوازو ژینگەدۆستی تێداپیادەبکرێت.

سەبارەت بەوەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی حکومەت تا چەند هاوکارییان دەکات کەریم مستەفا ئاماژەی بەوەدا وەزارەتی پەروەردە هاوکاری کردووین بە فەرمانی وەزیری پەروەردە لیژنەیەکی هاوکاری لەنێوان وەزارەتو کۆمەکدا دامەزراوە کە لەلایەن سەرۆکی دیوانی وەزارەتەوە کاک کەوکەز سەرپەرشتی دەکرێت، هەروەها کاک بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتیی سەرپەرشتیارییەتی گشتی لەوەزارەتی پەروەردە مامۆستا عەبدولجەبار لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرو خاتو پاکیزە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێرو خاتو نەرمێ بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیەو مامۆستا ئەسوەد سەرپەرشتیار لەکۆیە کاک ئیبراهیم حەوێز بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیەو مامۆستا شۆڕش بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخمورو چەندانی دیکەش هاوکاری کراوینو کارئاسانیمان بۆ کراوە، بەڵام تائێستا تەنها وەزارەتی وەرزشو لاوانو خودی کاک تەها بەرواری نەبێت، هیچ وەزارەتێکو لایەنێکی دیکە یارمەتی ڕێکخراوی کۆمەکی نەداوە بۆ پیادەکردنی ئامانجەکانی.

هەروەها ناوبراو باسی لەوەشکرد لەنەخشەڕێی لاوانی وەزارەتیوەرزشو لاواندا کە ئاستەنگەکانی دواکەوتنی لاوانی کوردستانی دەستنیشانکردووە، بڕگەیەکی تایبەت هەیە بە کزی ئاستی فێرکاری، وەزارەتی وەرزشو لاوان ئەم بڕگەیەی کردووە بە پێگەیەکی یاسایی بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوی کۆمەک لەپیادەکردنی ئامانجەکانیدا.

کەریم مستەفا دەربارەی ئەو پلانەی تا چەند دەتوانێ کادری داهێنەر بەرهەم بێنێو جیاوازی چییە لەگەڵ سیستمی خوێندنی ئێستا لەکوردستان ئاماژەی بەوەدا دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییەی لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕوویانداوە، دواتر لەدوای ڕزگارکردنی عێراقو کرانەوەی دەروازەکانی جیهانی بەڕووی کوردستانداو هەبوونی دوو فڕگەی نێودەوڵەتیو نزیکەی سەدوپەنجا گەشتی هەفتانەو هەبوونی دە کۆنسوڵگەری وڵاتانو سەدان کۆمپانیای بیانی لەگشت بوارەکانی بەرهەمهێنانو خزمەتگوزاریدا، کە بێگومان لەئایندەدا زیاتریش دەبێت، هەموو ئەمانە کادرو شارەزایانێکی دەوێت، کە هەرگیز لە سایەی ئەم سیستمە پەروەردەییەی ئێستادا پەیدا نابن! بۆیە سیستمێکی فێرکاری هاوچەرخ زەرورەتێکی مێژووییە.

# ."هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەڵێنی هاوکارییان پێداوین"

## "لەدووەم خۆپیشاندان‌دا تەقە لەخوێندکاران کرا، لەکاتێکدا سەرجەم داواکاریەکانمان ڕەوایەو هیچ کارێکی نایاساییشمان نەکردبوو"

ئا: هەنگاو هاشم _ هەولێر



پاش ئەوەی چەندیکجار خۆپیشاندانیان کرد، بەڵام وەڵامیان نەدرایەوەو ڕۆژی یەک شەممە خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە زانکۆی سەلاحەدینو سلێمانیو دهۆکو کۆیە دەگرێتەوە خۆپیشاندانێکیان سازکرد بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەدەم داواکارییەکانی ئەم خوێندکارانەوە بێن کە لەدوو وانەدا کەوتوونو داوای گەڕانەوەی سیستمی عبور (پەڕینەوە) بۆ دوو وانەو گۆڕینی بار (تغیرالحال) دەکەن، کە پێشتریش ئەم خوێندکارانە دوو جاریتر خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە چارەسەری کێشەکەیان نەدرایەوە خۆپیشاندانەکەیان برد بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

بۆ بەدواداچوونی کێشەی ئەم خوێندکارانە کە بۆ جاری سێیەمە خۆپیشاندان دەکەن"ئالای ئازادی" ئەم ڕاپۆرتەی ئامادەکردووە، خوێندکارانی خۆپیشاندەرو بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی هێناوەتە ئاخافتن.

محەمەد عەلی خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدینەو لەدوو وانەدا کەوتووە لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوە بۆ جاری سێیەمە خۆپیشاندان دەکەین، خۆپیشاندانەکانی پێشوومان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کێشەکانمان بۆ چارەسەرنەکراوە پەنامان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان هێناوە، کە ژمارەمان زۆرەو ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە.

ناوبراو سەبارەت بەداواکارییەکانیان باسی لەوەکرد داواکاری ئێمە ئەوەیە کە سیستمی عبور چۆن بۆ یەک وانە پەیرەو دەکرێت بەهەمان شێوە بۆ ئەو کەسانەش پەیڕەو بکرێت کە لەدوو وانەدا کەوتوون، داواکارییەکی ترمان ئەوەیە کە گۆڕینی بار پەیڕەو بکرێت کە لەساڵانی پێشوودا پەیڕەوکراوە، ئەگەر بێتو داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن ئەوا بەردەوام دەبین لەخۆپیشاندان.

شیلان کۆیی خوێندکار لە زانکۆی کۆیە ئاماژەی بەوەکرد کۆمەڵێک خوێندکاری زۆرین لەدوو وانەدا کەوتووین ئەمڕۆ لەشاری کۆیەوە هاتووین بۆ بەشداریکردن لەخۆپیشاندان بۆ ئەوەی داواکارییەکانمان جێبەجێبکرێت کە بەمافی خۆمانی دەزانین، چونکە دوو وانە کەمەو پێویست بەوە ناکات ساڵێکیتر بۆ دوو وانە بمێنینەوە لەکاتێکدا لەساڵانی پێشوو کار بەسیستمی عبور کراوە بۆ دوو وانە، لەگەڵ پێدانی پێنج نمرەی گۆڕینی بار.

هەر سەبارەت بەو خۆپیشاندانە کاروان ئەحمەد باسی لەوەکرد لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان خۆپیشاندانمان کردووەو شەقامی بەردەم پەرلەمانمان گرتووە تاوەکو وەڵاممان بدرێتەوە، لەخوێندکارانی هەر چوار زانکۆی سەلاحەدینو سلێمانیو کۆیەو دهۆک پێک هاتووین.

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە دووجار خۆپیشاندانمان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ڕێکخست، بەڵام کێشەکانمان چارەسەرنەکرا تەنانەت جاری دووەم تەقە لەخوێندکارانی خۆپیشاندەر کرا، لەکاتێکدا سەرجەم داواکاریەکانمان ڕەوایەو هیچ کارێکی نایاساییشمان نەکردبوو، ئەمڕۆ سێیەم خۆپیشاندانە دەیکەین.

بۆ گوێگرتن لەخوێندکارانی خۆپیشاندەر ژمارەیەک ئەندام پەرلەمان هاتنە ناو خوێندکارانی خۆپیشاندەرو گوێیان لەداواکاریەکانیان گرت، لەوبارەیەوە زانا ڕەئوف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە خوێندکارانی خۆپیشاندەری ڕاگەیاند: هەوڵمانداوە بەسەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانەوە کێشەکانتان بگەیەنینە لایەنی پەیوەندیدار.

نوێنەری خوێندکارانی خۆپیشاندەر خاتوو شیراز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کۆبوینەتەوە بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانمان بدات ئەوانیش بەڵێنی بەدواداچوونی کێشەکانمانی داوە، هەموو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانیش بەڵێنی هاوکاریان پێداوین.

ئەو نوێنەرەی خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان ئەوەش باس دەکات کە لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی خوێندی باڵاوە پێمان ڕاگەیەندرا کە ئەگەر بێتو ژمارەی ئەو خوێندکارانە زۆربێت کەلە دوو وانەدا کەوتوون ئەوا سیستمی عبور دەیانگرێتەوەو سیستەمەکەیان لەسەرپەیڕەو دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەشمان زۆرە تا ئێستا ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر نەکراوە.

ئەوەش دەڵێت چەندین خوێندکار لەشارێکەوە دێن بۆ زانکۆی شارێکیتر کە ئەمەش کارێکی زۆر قورسە بۆ ئەو خوێندکارە کە پێویستی بە خەرجییەکی زۆر دەبێت یەک ساڵ لەبەر دوو وانە هاتووچۆ بکات.

"ئالای ئازادی" بۆ بەدواداچونی کێشەی ئەم خوێندکارانە کە چەندینجارە خۆپیشاندان دەکەنو داوای گەڕانەوەی سیستمی عبور بۆ دوو وانەو گۆڕینی بار دەکەن، پەیوەندی کرد بە محەمەد سابیر بەڕێوبەری بەدوادچوونو پلاندانان لەوەزاەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ناوبراو بە "ئالای ئازادی" ڕاگەیاند: وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەڵ هەموو کارێکدایە کە لە خزمەتی زانستدا بێت، هەموو کارێک دەکات بۆ ئەوەی کە ئاستی زانستی خوێندکاران بەرزبکاتەوە، بۆ تاوتوێکردنی کێشەی ئەم خوێندکارانەش کە چەندینجارە خۆپیشاندان دەکەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆبوونەوە دەکات بۆ ئەم مەبەستە، لەئایندەدا دواین بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا سەبارەت بەم خوێندکارانە دەردەچێت.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەم ساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری گەڕانەوەی سیستمی پەڕینەوە (عبور)ی دا بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لەوانەیەکدا کەوتوون پاش ئەوەی کە بۆی دەرکەوت ژمارەی ئەو خوێندکارانە زۆرە کە لەوانەیەکدا کەوتوون.